# نە نالی حەبیبەی خواستووە و نە حەبیبەش بە ئەوینی نالی گرفتار بووە

بەشی چوارەم

باس لەوە زۆر کراوە کە حەبیبە خێل بووە , بەڵام ئەوەی کە باسی لێوە نەکراوە چۆنیەتی ئەو خێل بوونە بووە .

ئەم خێلییەش بابەتێ◌ٚ◌ٚکی تر بووە کە ناحەزان لە دژی نالی زەقیان کردووەتەوە و نالیش ویستویەتی ئەو چەکە لە دەست ئەو تێکدەرانە بخاتە خوارەوە . واتە سۆفییەکان و ناحەزەکانی نالی هێرشەکەیان بۆ سەر نالی هەمەلایەنە بووە .

نەک هەر لە باری جیاوازی تەمەنەوە پلاریان گرتبێتە نالی و هەوڵی شکاندنی کەسایەتییان دابێت . , نەک هەر لە ڕووی شیعر نوسینەوە بە کوردی گاڵتەیان بە نالی کردبێت , نەک هەر لە هەوڵی داگیر کردنی حەبیبەدا بووبن بۆ یەکێک لە کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەو دەوروبەرەی حەبیبە و نالی تیا ژیاوە , بەڵکو هێرشی ناڕەواشیان کردووەتە سەر جوانیی حەبیبە و بە خێل ناویان زڕاندووە . ئەوەی کە جێگای نیگەرانییە بۆ ئێمە ئەوەیە کە مامۆستایان و لێکۆڵەروانی شیعری نالی (ئەڵبەتە خوێنەرانیش بە شێوەیەکی گشتی ) تا ئێستاش لە ژێرکاریگەریی ئەو پڕوپاگەندەیەدان کە دوژمنە داخ لە دڵەکانی نالی بۆ حەبیبەیان کردووە . سەیر لەوەدایە کە ئەو بەڕێزانە بەرگرییە

سەرسەختەکەی ( نالی ) لە خێل نەبوونی حەبیبە ئەدەنە دواوە و زیاتر وەک ئوسوڵیکی عاشقانە و شێوازێکی شیعرییانە چاوی لێ دەکەن . یانی بەم کارەیان ( بە بێ ئەوەی مەبەستیان بووبێت ) ڕاستگۆیی نالی دەکێشنە گومانەوە . ئەم بەڕێزانە و ئەم خۆشەویستانەی دنیای شیعری نالی ڕێک دەچنە سەنگەری هێرش بەرانەوە و دەکەونە دژایەتی کردنی جوانیی حەبیبە و گومان پەیدا کردن لەو ڕاستییانەی نالی لەو بارەیەوە دەیانخاتە ڕوو . من دەزانم ئەو بەڕێزانەبێ ئاگا کەوتونەتە ئەو بەرەیەوە , بەڵام ئەمە مەسەلەی شیعر و ئەوینی نالی یەو دەبێت ووشیارانە مامەڵەی لە گەڵدابکەین . ئەو خێل بوونەی حەبیبە وەکو نالی لە شیعرەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات هێندە کەمە و هێندە بێ بایەخە کە نەک هەر کاریگەریی نەکردووەتە سەر چاوەکانی حەبیبە , بەڵکو جۆرێک لە مەست بوونیشی داوە بە چاوەکانی .

ئەڵبەتە وەک نالی باسی کردووە تەنیا چاوێکیان ئەو تۆزە خێل بوونەی هەبووە نەک هەردووکیان . من زیاتر بۆ ڕۆشن بوونەوەی باسەکە وشەی خێل بەکار دێنم , ئەگینا منیش وەک نالی قەناعەتم هەیە کە حەبیبە خێل نەبووە و بە ناهەق ئەم زوڵمەیان لێ کردووە و بە خێل ناو زڕاویان کردووە ( ئەمە جگە لەوەی کە بەکار هێنانی وشەی خێل

هێرشێکی ناڕەوایە بۆ سەر ئەو مرۆڤانەی کە چاوەکانیان جیاوازییەکی کەم تا زۆریان لە چاوانی مرۆڤەکانی تری دەورو پشتیان لە لایەن سروشتەوە بە سەردا سەپێنراوە ) . خێلی تەنیا یەک جۆری نییە بەڵکو بە ژمارەیەکی زۆر پلەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەبینێت . هەندێ کەس هەن کە تەنیا زەلامی زۆر بە سەرنج و چاو تیژ نەبێت ئیتر هەستیان پێ ناکرێت کە خێل بن . ئەمە جگە لەوەی کە لای ئێمە ئەگەر چاوەکانی مرۆڤێک بچوکترین جیاوازییان لە گەڵ یەکدا هەبێت , یەکسەر مرۆڤەکە بە خێل دەدرێتە قەڵەم . چاوی سەوز یەکێکە لە چاوە جوانەکان , کەچی لە

شارۆچکەکەی ئێمەدا کەسێک دوو چاوی سەوزی جوانی پێوە بوو لە کاتی دەمە قاڵێ و ووردە بۆڵەدا بە ناوزەد کردنی بە چاو سەوز نیگەرانیان دەکرد . جا ئەگەر لە چاوێکی حەبیبەدا جیاوازییەکی زۆر بچوک هەبووبێت بە براوورد لە

گەڵ چاوەکەی تریدا , بێگومانم ئەو جیاوازییە زۆر بچوکە خێلی نەبووە و جۆرە مەستییەکی وەهایشی پێ بەخشیوە کە جوانی چاوەکەی تریشی بڵند کردووەتەوە . ئەڵبەتە ناحەزەکانی نالی هەر دەبێ وای لێ بکەن و تای تەرازووەکە بە

لای خۆیاندا بشکێننەوە . داخ لە دڵەکانی نالی ( کە بە پلەی یەکەم سۆفییەکانن ) ئەگەر ئەو ڕاستییەشیان لە چاوەکانی حەبیبەدا پەی پێ بردبێ , هەر بە سەریا دەڕۆن و بە جۆرێک باسی دەکەن کە ئازار لە دڵی نالیدا بڕوێنن . نالی شاعیرێکی ڕاستگۆیە , ناتوانێ ڕاستی ئاوەژوو بکاتەوە لەبەر کەسایەتی خۆی و خۆشەویستی حەبیبە و خۆشەویستی شیعرەکانیشی . کاتێک کە بەرگری لە حەبیبە دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێت کە خێل نییە , ڕێک شتێکمان بۆ باس دەکات کە واقیعە . نالی دەڵێت ( چاوی هەمڕەنگی گوڵی , مەستی شەو و ڕۆژن مەدام . . یەک لە نەشگوفتەی بەنەفشە , یەک لە نەیلۆفەڕ دەکا ) . لێرەدا هەردوو چاوی حەبیبەمان بۆ باس دەکات و پێمان دەڵێت کە لە پاکی و بێگەردیدا وەکو گوڵ وانە . وە ئەڵبەتە هەردوو چاوەکەشی وەکو گوڵ جوانن . ئەوەشمان پێ دەڵێت کە حەبیبە خاوەنی دوو چاوی مەست بووە . چاوەکانی سەرنج ڕاکێشەر بوون . هەر ئەم سەرنج ڕاکێشییەی چاوەکانی حەبیبە یەکێک بووە لەو فاکتەرانەی کە جوانی حەبیبەی بردووەتە پلەیەکی بەرزی ترەوە . بە جۆرێک بووە کە سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە . لە خۆوە نییە کە لاوان دەورەیان داوە و حەزیان بە نزیک بوونەوە هەبووە لە گەڵیا . من ناڵێم لاوان لە بەر خاتری چاوەکانی حەزیان بە حەبیبە بووە , بەڵکو ئەڵێم چاوەکانی بەشێکی گرنگی جوانی حەبیبەیان لە خۆ گرتووە .

ئەگەر قەدری زێڕ لای زەڕنگەر بێت , ئەوا قەدری چاوەکانی حەبیبەش لای نالی و ئەویندارانی تر و دۆست و ناسیاوە خۆشەویستەکانیەتی نەک لای سۆفیەکان و داخ لە دڵەکانی تر . نالی لەو دێڕەی سەرەوەدا دان بە جیاوازییەکدا دەنێت کە لە چاوەکانی حەبیبە دا هەیە , بەڵام ئەم جیاوازییە بە جیاوازی دوو گوڵ لە قەڵەم دەدات . چاوەکانی حەبیبە یەکێکیان نەرمییەکی سیحر ئامێزی تیایە و ئەوی تریشیان زەردەخەنەیەکی وەهای تێ ڕژاوە کە ڕێک لەگەڵ نەرمییەکەی ئەوی تردا دێتەوە . هەر ئەم نەرمییە سیحر ئامێزە و زەردەخەنە سەرنج ڕاکێشەیە کە ئەم چاوانەیان مەست کردووە و جوانی یەکی بێ ئەندازەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ ناو دڵی نالی و عاشقانی تر داگرتووە . نالی لە سەرەتای ئەم شیعرەدا دەنگی ناڕەزایی خۆی لەو پروپاگەندەی خێل بوونە بەرز دەکاتەوە و دەڵێت : ( پێم دەڵێن : مەحبوبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا . . خێل و قیچە , یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا ؟! ) . ئەوەی کە ئاشکرایە نالی زۆر لێبڕاوانە وەڵامی خێل نەبوونی حەبیبە دەداتەوە و ڕاشکاوانەش پێیان دەڵێت کە چاوەکانی حەبیبە لە جوانیدا نازدەفرۆشن بە ئەویندارن و تەنانەت ناز فرۆشتنەکەی حەبیبە لێرەشدا لە نازدارەکانی تر زیاترە و ئەمەش جۆرێکی ترە لە هونەری حەبیبە و دەشبێت بەو بۆنەیەوە کە حەبیبە نازدارێکی تاکە هەر وابێت . ( خێل و قیچە یا بە غمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو . . مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا ؟! ) . جارێکی تر پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کەحەبیبە خێل و قیچ نییە , ئەوەی کە هەیە چۆنیەتی ڕوانینە ئەفسوناوییەکانیەتی . حەبیبە نایەوێت وەکو نازدارانی تر هەر لە سەر شێوازی کۆن تیر بهاوێ . حەبیبە ڕێک بەو غەمزەیەی کە وەک کەمەند دەیکاتە دڵی عاشقەکەیەوە , دەیەوێت دڵەکە جۆرێک لە بەر نیشانەی برژانگەکەیدا ڕابگرێت کە ئەو تیری برژانگە ڕێک ئاوقای ببێت . کەواتە حەبیبە بەهەوانتە غەمزە فڕێ نادات . ئەم جێ گۆڕکێیەی حەبیبە بەم هێنان و بردنی ڕوانینە بۆ گرتنی نێچیرەکەی کارێکی کردووە کە هەندێ کەس لەو هونەری ڕاو کردنە نەگەن و لە ئەنجامیشدا حەبیبەیان وەکو خێل بێتە بەرچاو .

نالی نایەوێت یەکەوڕاست بڵێت : ئەوەی دەڵێت حەبیبە خێلە , خۆی گێلە . بەڵکو بە زمانێکی شیعریی بەرز

بە دژی ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستییەکاندا لەمەڕ حەبیبەوە ڕادەوەستێت . ( عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواریی

تێ دەگەی . . کەچ نەزەر کەی فرقی خوار و ژوورو , خێر و شەڕ دەکا ؟! ) . نالی ئیتر لەم دێڕەدا تووڕە بوونی خۆی پێ ناگیرێ لەو کەسانە و بە ڕوویاندا دەتەقێتەوە . پێیان دەڵێت : کەچ نەزەر , نەبینینی جیاوازی لە نێوان خوار و ژووردا ,تەنانەت پێیان دەڵ◌ێت کە ئەوان نازانن جیاوازی لە نێوان خێر و شەڕیشدا چییە . ئەم تەوهین کردنەیان بەم شێوەیە لە لایەن نالی یەوە لە خۆڕا نییە . نالی لەم تەوهین کردنەدا ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ناحەزەکانی بەم شێوەیە هێرش دەبەنە سەر حەبیبە . واتە ئەوانەی نالی لەم بەیتەدا بەرەوڕوو قسەیان لەگەڵدا دەکات و تەوهینیان دەکات ناحەزەکانیەتی . چونکە نالی کەسێک نییە بەم شێوەیە بەر پەرچی دۆستەکانی بداتەوە . کەواتە مەرج نییە دۆستەکانی نالی ئەمەیان بە خەوشێک بینی بێت لە حەبیبە داو لای نالی باسیان کردبێت . نالی لە خیلالی یەکێکیانەوە بە گشت ناحەزەکانی دەڵێت کە چاوی حەبیبە وێنەی ئێوە بە تەواوی دەردەخات , بەڵام ئێوە خۆتان کەچ نەزەرن و ئەو وێنانەی خۆتان بە خوار تێدەگەن . نالی لەم بەیتەدا مەبەستەکەی تەنیا بەرگری کردن نییە لە حەبیبە , بەڵکو حەقیقەتەکەش خۆی چۆنە , ئاوا دەیداتە دەستمان . ئەو ناحەزانە بە بەرنامەوە ململانێکەیان لەگەڵ نالیدا دەبەنە پێشەوە , لە بەر ئەوە نالی کە ووشیارە بەو پیسی و فرو فێڵانەیان , لە شوێنی خۆیدایەتی کە پێیان دەڵێت کەچ نەزەر . نالی ڕاست دەکات ئەمانە کەچ نەزەرن , چونکە کەچ نەزەرییەکەیان لە دووتوێی بەرنامەی پیلانەکانیاندایە لە دژی نالی . کە پێیان دەڵێت ئێوە فەرقی خێر و شەڕ ناکەن . بە واتایەکی تر پێیان دەڵێت کە ئەوان هەموو گیانیان شەڕە و لە شەڕ فرۆشتنیش زیاتر پەی بە هیچ شتێکی خێر نابەن . ئەم هێرشە کە لێرەدا نالی ئاوا بە خەستی دەیکاتە سەریان, ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە نالی لە دەست فشاری ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر بە تەنگ هەڵهاتووە . ئەم ناحەزانە جۆرێکن کە ئاوێنەی ئاوێنە ئاساییش تاوانبار دەکەن بەوەی کە وێنە وەک خۆی عەکس ناکاتەوە . جا ئەگەر کەسێک ئاوا بێت , ڕەخنە لە ئاوێنە بگرێت , ئیتر چۆن ڕەخنە لە حەبیبە ناگرێت . نالی لەم بەیتەدا ( هەرکەسێک نوقسانیی ڕووی باوێتە سەر ڕووی ئاینە . . شاهیدی هەرچەندە – ڕەئیولعەینە – کێ باوەڕ دەکا ؟! ) پەنامەکیانە پێیان دەڵێت گێل . چونکە ئاوێنە مادەیەکی مردووە و زیندوو نییە تا ئەم ناحەزانە تاوانی ناشیرینی خۆیانی بدەنە پاڵ . ئەم ناحەزانە خۆیان گێل نین و تا ڕادەیەکی زۆریش لە پیلان داڕشتنا ووشیارن . ئەوەی کە ووشیارییەکەی ئەمان ( ناحەزەکان ) دەرەقەتی نایێ و لە ئاستیدا سووک و سەلیم دەبن , هێرشەکەیانە بۆ سەر حەبیبەییکی چاو ئەستێرەیی .

ئا لێرەدایە کە ئیتر پیسێتییەکەیان , ئاستی ووشیارییەکەیان تا ڕادەی گێلێتی دێنێتە خوارەوە . ئەم ناحەزانە , کە سۆفیەکان لە ڕیزی پێشەوەیانن , ئیتر فڕوفێڵەکەیان نەیخوارد و لەم هێرشەدا بوون بە تەڵەوە . ئەم ناحەزانە ئەگەر کەم و کوڕی لە ڕوخساریاندا هەبێ , ئۆباڵی ئەو کەم و کوڕییەیان ئەدەن بە ملی ئاوێنەدا . کەواتە چاوەکانی حەبیبە

ڕێک وەکو ئاوێنەیەکی ساف و بەرکەماڵ , وێنەی هەموو کەسێک بە تەواوی عەکس دەکەنەوە . ئەوەی کە بەو جۆرە نایبینێت ئەوە خەتای کەچ نەزەری خۆیەتی . نالی دەڵێت : ( کاتبی خێر و شەڕی عوششاقە , بۆ وەسڵ و فیراق . .

لوتف و فەهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا ) . ئەم بەیتەی نالی تا ئێستا بە مانای دروستی خۆی لێک نەدراوەتەوە . وا لێک دەدرێتەوە کە حەبیبە لە بەر ئەوەی چاوێکی خێلە , لە گەڵ چاوە ساغەکەیدا دەفتەری خێر و

شەڕ بە جیاواز لێک دەدەنەوە و تەنانەت چاوە خێڵەکە بە مەسەلەی شەڕەوە دەبەستنەوە . نالی خۆی لە ئەوەڵی ئەم شیعرەدا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە حەبیبە خێڵ نییە , ئیتر چۆن لەم بەیتەدا حەبیبە بە خێڵ ناوزەد دەکات .

نا , نالی قەت شتی وای نەگوتووە و نایشیڵێت . ئەوەی کە ئەم بەیتەی لە لێکدانەوەدا تووشی ئاڵۆزی کردووە ,

ووشەی ( دوو دەفتەر ) ە . بۆ ئەوەی مانای ئەم بەیتە ڕۆشن بێت دەبێت ووشەی دوو دەفتەر ڕۆشن بکرێتەوە .

پرسیارەکان لێرەدا زۆرن . بۆ نموونە : ئەگەر حەبیبە کاتبی خێر و شەڕە بۆ ئەویندارەکانی , کامیان هەڵگری خێرە و

کامیان هەڵگری شەڕە ؟ یان حەبیبە خێر بە کامیان و شەڕ بە کامیان ڕەوا دەبینێت ؟ نالی چۆن هێرش دەباتە سەر چاوی حەبیبە , لە لایەکەوە بڵێ یەکێکیان خێرە و لە لایەکی تریشەوە بڵێ ئەوی تریان شەڕ ئامێزە و بەڵا بەخشە ؟

چۆن نالی لوتف دەدات بە چاوێکی حەبیبە و قەهریش دەدات بە چاوەکەی تری ؟ کە حەبیبە سەیری خێر و شەڕی عاشقان دەکات , ئەگەر خێرەکەی خۆشەویستی عاشقەکە بێت بۆ حەبیبە , ئەی شەڕەکەی کامەیە ؟ بۆچی چاوەکانی حەبیبە , هەر یەکەیان دەبێت بەجیا سەیری ئەم دوو دەفتەری خێر و شەڕە بکات ؟ ئەگەر چاوەکانی حەبیبە ,

یەکێکیان خێر و یەکێکیان شەڕ دیاری بکات , ئەبێ کام چاویان لەوی تریان بەهێزتر بێت و عاشقەکە لە تای تەرازووی خۆیدا دابنێت ؟ لێرەدا حەبیبە خێر و شەڕ دابەش دەکات یان چاوەکانی ؟ حەبیبە ئامرازە بۆ چاوەکانی , یان چاوەکانی ئامرازن بۆ حەبیبە ؟ نالی پارێزگاری لە حەبیبە دەکات و لە شەڕی دەرەوە دەیپارێزێت , ئیتر چۆن لە ڕێگەی کێشەی چاوەکانیەوە لە گەڵ یەکتریدا تووشی شەڕی ناوەوەی دەکات ؟

کەواتە لە دووتوێی ئەم پرسیارانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بەیتە تا ئێستا لنگەوقوچ لێک دراوەتەوە . لە

پێشەوە باسم لەوە کرد کە ئاڵۆزی ئەم بەیتەی نالی وشەی دوو دەفتەر دروستی کردووە . کەواتە دەبێت لە پێش هەموو لێکدانەوەیەکدا ئەو دوو دەفتەرە بدۆزینەوە . دۆزینەوەی ئەم دوو دەفتەرەش کارێکی هێندە قورس نییە , چونکە جگە لەوەی کە دوو ئەندامی زیندووی هەردوو ئەویندارەکەن بە یەکتری , ئەو دوو چاوگەیەشن لە خۆشەویستی یەکتری پڕدەبن . واتە ئەو دەفتەرە هەردوو دڵەکەی هەردوو ئەویندارەکەن . مەرج نییە تەنیا دڵی ئەوینداران دەفتەر بن . دڵی هەر کەسێک بگریت لەم دنیایەدا دەفتەرێکە بۆ خۆی , وە هەزار و یەک جۆر ڕاز و نیازی تیایە . کەواتە چاوەکانی حەبیبە بۆ دیاری کردنی خێر و شەڕی هەر عاشقێک سەیری دەفتەری دڵی ئەو و دەفتەری دڵی خۆی دەکات . کەواتە حەبیبە لە ڕێگای چاوەکانیەوە کە دەفتەرەکانی دڵی خۆی و عاشقەکە دەخوێنێتەوە دەیەوێت بزانێت سووتانی عاشقەکە بۆ ئەم تا چ پلەیەکە ( ئەڵبەتە جیاوازی پلەی سووتانی عاشق بێ کۆتاییە ) و دڵی خۆیشی ئەگەر ئەو سووتانەی لا پەسەندە , ئەو پەسەندییە بە چ ڕادەیەکە . حەبیبە لوتفی هەیە بۆ هەر کەسێک کە عاشقی باڵای ئەو بێت , وە ئەم لوتفەش (بە براوورد بە پلەی جۆرا و جۆری سووتانی عاشقەکەوە ) پلەی جۆرا و جۆر بە خۆیەوە دەگرێت . نالی کەلێرەدا باسی قەهری حەبیبە دەکات , قەت ئەوە ناکات بە خاسیەتی حەبیبە . واتە حەبیبە بە مرۆڤێکی قەهراوی ناداتە قەڵەم . چونکە ئەوە هێرشە بۆ سەر کەسایەتی و ناسکی حەبیبە . ئەوەی کە نالی مەبەستیەتی لەو قەهرە لەویادا , مانای نەبوونی ناوی ئەو عاشقەیە لە دەفتەری دڵی حەبیبەدا . واتەحەبیبە لە گەڵ ئەوەدا کە لوتفی هەیە و ڕێزی دەگرێت , بەڵام حەزی لێ ناکات . ئەم حەز لێ نەکردنەش , بۆ خۆی بەڵگە نەویستە , کە دەبێت بە قەهرێک و دەرژێت بە سەر ئەو عاشقەدا . واتە قەهرەکە حەبیبە نایرژێت , بەڵکو ڕۆچوونی یەک لایەنەی

عاشقەکە یە بە ئەوینێکدا کە تەنیا لای خۆی هەیە . کاتێک حەبیبە سەیری دەفتەری دڵی خۆی دەکات , ئەگەر هیچ جۆرە هێمایەک بۆ ئەو عاشقە نەکرابێت , ئەوا لەگەڵ لوتف و پێزانینیا بۆ خۆشەویستی ئەو عاشقە , نایەوێت لە ڕێگای ڕوانینی حەزئامێزەوە بەسەری بکاتەوە . نالی لەم بەیتەدا ئەو خاسیەتە مەعنەوییە دەبەخشێت بە چاوەکانی حەبیبە کە دەتوانێت دەفتەری دڵی خۆی بە تەرازوو کردنێکی ڕەها بەخشەوە بخوێنێتەوە . جا ئەگەر لەو ڕێگەیەوە بێت کە چاوەکانی حەبیبە توانای خوێندنەوەی دەفتەری دڵی حەبیبەیان هەیە , یان دڵی حەبیبە توانای گەیاندنی ڕاز و نیازەکانی خۆی بە چاوەکانی حەبیبە هەیە , ئەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێت پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان دڵ و چاوەکانی حەبیبەدا هەیە . ئەڵبەتە دەفتەری دڵی عاشقیش لە چاوانی عاشقەکەدا دەیخوێنێتەوە . هەرچۆن بێت ئەو پەیوەندی دڵ و چاوە ( هەرچەند بە بارە زانستییەکەیدا مێشک و چاوە ) لای هەموو کەسێک هەیە و نالی شتێکی زۆر واقیعی باس کردووە . بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سەبارەت بە چاوەکانی حەبیبە جێگای سەرسوڕمانە , ئەوەیە کە لە خوێندنەوەی دڵی خۆی و عاشقەکانیدا , وەکە دی ئێن ئەی یان بەرنامەی کۆمپیوتەر وایە و هەڵە بە هیچ شێوەیەک قەبوڵ ناکات . ئەگەر حەبیبە کاتبی خێر و شەڕ بێت , ئەوا خێرەکە پلەی سووتانی عاشقەکانە و شەڕەکەش حەز لێنەکردنی حەبیبەیە لێیان . حەبیبەش بۆ ئەم کێشەیە و یەکلایی بوونەوە لە سەری ئەوەیە کە بە جارێک سەیری هەردوو دەفتەرەکە دەکات کە دڵی خۆی و هەر یەکێک لە عاشقەکانە . لوتف و قەهرەکەش , پێزانینی حەبیبەیە بۆ عاشقیی ئەوان و دوور کەوتنەوەشیەتی لێیان . لێرەدا لوتف و خێر , قەهر و شەڕ , هاوتای یەکن و بە شێوەیەکی گشتیش چوون بە ناو یەکدا . نالی ئەوەشمان پێ دەڵێت کە ئەگەر حەبیبە لوتفی هەبێت بەرامبەر بە عاشقێک یان چەند عاشقێک , ئەوا بە ڕوانینی سیحر ئامێز بەسەریان دەکاتەوە . واتە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش بووە ئەوا

جاروبار پەپولەی ڕوانینەکانی بە سەریانەوە دەنیشێتەوە . بەڵام ئەگەر قەهری هەبێت ( لە سەرەوە باسی ئەومە کردووەکە نالی قەهر بە خاسیەتی حەبیبە نازانێت ) ئەوا بەو ڕوانینە حەز ئامێزانە بەسەریان ناکاتەوە . پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا نالی پێمان دەڵێت کە حەبیبە چەند کەسی لەم عاشقانە بەسەر کردەوە ؟ ئەگەر لە دوایین دێڕی شیعرەکە وورد بینەوە , پێمان دەڵێت کە کەس بەر ئەو شانسە نەکەوت . ( نالی ئەو وەحشی غەزالە کەس ئەبەر

داوی نەکەوت . . چونکە شاهێنی دوو چاوی تێژە , دائیم سەر دەکا ) . ئەوەی ماوەتەوە لەسەر ئەم شیعرە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم شیعرە لە پێش شیعری ( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە ) دا دانراوە و لە گەرمەی خۆشەویستی نالی دا بووە بۆ حەبیبە . وە لە دوایین دێڕی ئەم شیعرەشدا دیسانەوە نالی ئاماژەی بەوە کردووە کە حەبیبە ڕووی پێ پیشان نادات , یانی بە ئەوینی نالی گرفتار نییە , چونکە دەڵێت چاوی حەبیبە هێندە تێژە کە دائیمە سەر دەکات و تا ئێستاش کەس بەر داوی نەکەوتووە . هەر لەم دێڕەی ئەخیردا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تا ئەو کاتە حەبیبە هیچ کەسێکی هەڵنەبژاردووە .

بژار

04 – 6 – 10